# ڕاپۆرتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، مانگی یەکەمی ساڵی 2011

حکومەتی ئێران ساڵی ٢٠١١ ی زاینی بە لەسێدارەدانی لاوانی بەلوچ دەستپێکرد

سەرلەبەیانی یەکەمین ڕۆژی سالی تازەی زاینی (٢٠١١) چوار (٤)کەسی تر لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان بە نێوی مەحمود بەراهوئی ناسراو بە فەرهاد کوری نادر، شەهرام ناروئی ناسراو بە بێبەرگ کوری جەلال، زهور ئەحمەد عاسف و جەهانبەخش بەراهوئی ناسراو بە نوربەخش کوری نادر بە تۆمەتی موحارب، لە زیندانی زاهێدان لەسێدارە دران کە سەرجەمیان گیراوانی بەلوچ بوون
پێشتریش لە ڕێکەوتی 21 دێسەمبری ساڵی ڕابردوو، هەر لە زیندانی زاهێدان 11 چالاکی تری بەلوچ بەبانگەشەی دژایەتیکردنی خودا، لەسێدارە درابوون
سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢ ژانویە دوهەمین ڕۆژی سالی تازەی زاینی یەک کەسی دیکە لە نزیکانی" عەبدولمالک ڕیگی" بە نێوی بەهمەن ڕیگی" بە تۆمەتی مۆحارێب لە گرتووخانەی ناوەندی زاهێدان لەسێدارەدرا.

بەو پێیە لە 13 ڕۆژی ڕابردوودا 16 گیراوی بەلوچ بەتۆمەتی دژایەتی کردنی خودا لەسێدارە درا

لە لایەکی تر بەگوێرەی سەرچاوە هەوالنێرییە فەرمییەکانی ئێران کەسێک لە لایەن لقی 77ی کەیفەری پارێزگای تاران و 4 کەسی تر لە پارێزگای کرمان، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە
ڕۆژی یەکەمی ژانویە 8 کەس لە گرتووخانەی ناوەندی شاری قۆم لەسێدارەدرا
مستەفا بەرزگەر گەنجی ڕایگەیاندووە: ئەو 8 کەسە یەکی دووجار داوای لێبوردنیان کردووە بەڵام داخوازیەکانیان ڕەتکرابووە
سەر لە بەیانی ڕۆژی دوهەمی سالی ٢٠١١ زاینی 7 زیندانی لە گرتووخانەی "دیزڵ ئاوا" لە شاری کرماشان بە تاوانی بازرگانی کردن بە مادەکانی هۆشبەر بە ئامادە بوونی بەرپرسانی دەزگای داد، لە گرتووخانەی شاری کرماشان لەسێدارەدران
لە سێدارەدانی ٤ کەس لە گرتوخانەیی ئەسفراین ٢٠١١/١/٨
لە سێدارەدانی ١ کەس لە گرتوخانەیی ئەسفراین ٢٠١١/١/٨
لە سێدارەدانی ٨ کەس لە گرتوخانەیی تاران ٢٠١١/١/١٢
لە سێدارەدانی ٥ کەس لە گرتوخانەیی خورەمآباد ٢٠١١/١/١٣

ڕاگەیاندنی لە سێدارەدانی ئەندامێکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستا پژاک لە ڕۆژی ١٥ ژانویە ٢٠١١ بە ناوی حوسێن خزری
دادسەرای گشتی و ئینقلابی تاران سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩ ژانویە ڕایگەیاند ،کە لە زیندانی ڕەجایی شەهری کەرەج 10 کەس لەسێدارە دراون
سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩ ژانویە لە زیندانی ڕەجایی شەهری کەرەج 10 کەس ئێعدام کراون
هەروەها هەر لەو ڕۆژە دا ڕایگەیاندرا ،کە لە زیندانی 'زەرەند' لە کرمان کەسێکی دیکە ئێعدام کراوە بەڵام ئامازە بە ناسنامەکەی نەکراوە

لە ڕێکەوتی 20ی ژانویە کەسێک بە تۆمەتی بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەر لە گرتووخانەی ناوەندی شاری " بۆجنورد" لەسێدارە دراوە
14:12 2011-01-23

بە گوێرەی ماڵپەڕی" ئیلنا"، کاتژمێر حەوت و 30 خولەکی ڕۆژی 3ی ڕێبەندان کەسێکی 29 ساڵە لە گرتووخانەی ناوەندی شاری یاسوج لەسێدارەدراوە

لە سێدارەدانی 4 گیراوی دیکە لە ئێران
2011-01-24

. سەرلەبەیانی ڕۆژی 2 شەممە 24 ژانویە 4 زیندانی لەسێدارەدراون
کەسیک بە ناوی" ئومید بەرگ " 25 ساڵە لە مەیدانی" قودس"ی شاری کەرەج لە پێش چاوی خەڵک لە سێدارەدراوە
هەروەها ڕاگەیەندرا کە 3 کەسیتر لە گرتووخانەی ئێوین لە شاری تاران لەسێدارەددراون

ئیمرۆ، دوو زیندانی سیاسی لەسێدارەدرا
2011-01-24

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە 24 ژانویە 2 گیراوی سیاسی‌تر بە ناوەکانی" جەعفەر کازمی و محەمەد عەلی حاج ..ئاقایی" ، بێ ئەوەی بنەماڵە و پارێزەرەکانیان ئاگادار بکرێنەوە لە سێدارەدران

دو برا لە شاری بوجنورد لە سێدارە دران
سێ شەممە 5 سەرماوەزی 1389 ، 25 ژانویە 2011
سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ،5 سەرماوەز 2 برا بە ناوەکانی "کامران خاکی" و "مێهران خاکی" لە گرتوخانەی شاری بجنورد لە سێدارەدران

لەئێران، 18 کەس لەسێدارەدران
پێنجشەممە, 27ی ژانویە 2011

٤کەسیتر لە ئێران لە سێدارەدران
بە گوێرەی زانیاریەکان چوار کەس بە ناوەکانی" ڕۆستەم میرزایی خەڵکی ئورمیە، محەمەد چناری خەڵکی شیراز، ئیسماعیل ڕۆستەمی خەڵکی ئورمیە و فەرهاد حاتەمی خەڵکی ئورمیە" لە گرتووخانەی ناوەندی شاری ئورمیە لەسێدارەدراون
فەرهاد حاتەمی سەرلەبەیانی ڕۆژی 3 شەممە 25 ژانویە و ئەوانیتر ڕۆژی هەینی ڕابردوو لەسێدارەدراون
لەلایەکیتر هەر لە گرتووخانەی ئورمیە ڕۆژی 27 ژانویە 4 کەسیتر لە سێدارەدراون کە ناوی یەکێکیان" نوسرەت سۆفیزادە ڕاگەیەندراوە 4 کەس هەر لەو ڕۆژە دا لە شاری ئورمیە 3 کەسیتر لە مەیدانی"مەرکەز" لە پێش چاوی خەڵک لە سێدارەدراون. ڕۆژی چوارشەممە 26 ژانویە نزیکەی 300 کەس لە کەس و کاری لەسێدارەدراوان لە بەردەرکی دادگوستەری کۆبوونەتەوە و ناڕەزایەتیان دەربڕیوە

لە لایەکیتر" سەدا و سیمای" کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەند، سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە 27 ژانویە 7 کەسیتر لە گرتووخانەی قزڵ حەسار لە شاری کەرەج دوای ئەوەی سزاکانیان لە لایەن دیوانی باڵاوە پشتڕاست کرابووە، لەسێدارەدراون

لە سێدارەدانی گیراوێکی سیاسی کورد
پێنج شەممە ٧ سەرماوەز 1389، 27 ژانویە 2011
گیراوێکی دیکەیی سیاسی کورد بە نێوی فەرهاد تارم خەلکی گوندی لورکان سەر بە ناوچەیی دەشتە بێڵی شنۆ ،ڕۆژی چوارشەممە ٦ سەرماوەز واتا 26 ژانویە 2011 بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە گرتوخانەی ناوەندی شاری ورمێ لە سێدارە درا

بەو پێیە لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ بە فەرمی **٨٩** کەس لە ئیران لە سێدارە دراون

ئاماری زیانەکانی گیانی روداوی هاتۆ و چۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١١

رۆژی یەکەمی ژانویە ٢٠١١ لە روداوێکی هاتو چۆ لە نێوان ماشێنێکی جۆری سەمەند لە تەک مینیبۆسێک لە رێگایی هاتو چۆیی نێوان شارەکانی بۆکان شاهین دژ ١ نفر ژیانی لە دەست دا و ٤ کەسیش بریندار بون

کوژرانی زیاتر لە ٧٠ کەس بە هۆیی کەوتنەخوارەوەیی فرۆکەیی مسافربەری لە ورمێ

ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی یکەمی ساڵی ٢٠١١

بە پێی ئەو زانیاریانەیی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستمان گەیشتون رۆژی دوشەنبە ٣ی ژانویە لە دو جێگا ئاگر لە دارستانەکانی دەوروبەری گوندەکانی "بەرقورە"ی سەر بە سەراوا و "دەرەوەران"ی سەر بە مەریوان بەربووە، جێگایی باسە کە دارستانەکانی سەراسەری کوردستان بە درێژایی ساڵی رابردو ئاگریان تێبەردرا

تەنێ لە ناوچەکانی مەریوان و سەوڵاوا لە ساڵی ٢٠١٠ دا **٩٠٠** جار ئاگر لە دارستانەکان بەردراوە

کرماشان، برینەوەی داری پارکەکان
چوارشەممە, 26 ژانویە 2011
لە درێژەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردان و سروشتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە دەیان دار لە گەورەترین پارکی کرماشان پارکی " تاقەوسان بە فەرمانی دادگۆستەری ئەو شارە بڕایەوە

راپۆرتی روداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگی یکەمی ساڵی ٢٠١١

شەوی ٢ ژانویە لە ناکاو حوسێن خزری گیراوی سیاسی کورد کە سزای لە سێدارەدانی بە سەر داسەپا بوو کاتژمێر ٨ و ٤٠ خولەک لە گرتوخانەی ناوەندی ورمێ بو شوێنێکی نادیار راگوێز کرا
دادسەرایی شۆرشی شاری ورمێ مانگی رابردو سەزای سێدارەی حوسێن خزری بۆ سەردوزگەری پارێزگایی ورمێ گەرانبۆوە ، کە لە ئەگەری پەسند کردنی لە لایەن سەردۆزگەرەوە ، ئەو سزایە جێ بە جێ دەکرێت
بەرپرسانی گرتوخانەیی ورمێ چەند گیراوی سیاسی کوردی ئەو گرتوخانەیان بە ناوەکانی ، عەلی ئەحمەدیان ، ئەحمەد تەمویی ، حوسێن میرزایی و حەبیبوللا گولپەری پور کە لە هەمبەر راگوێز کردنی گیراوی سیاسی کورد حوسێن خزری بۆ شوێنێکی نادیار نارەزایەتیان دەربریبو،راگوێزی ژورەکانی تاکەکەسی کرد
ناوبراوان سەرەرایی ئەوەیی کە مانیان لە خواردن گرتووە ،بەلام روبەروی لێپرسینەوەی هێزەکانی ئیتلاعات بونەوە

نیوەرۆی رۆژی چوار شەمبە ١٥ی رێبەندان واتا ٧ی ژانویە ١ کەس بە نێوی خالید حوسێنی چالاکوانی کرێکاری شاری سنە لە لایان هێزەکانی کەلانتەری ١١ی شاری سنە دەست بە سەر کرا
هەر لەو رۆژە دا منداڵێکی ١٤ ساڵە بە نێوی سالار خالیدیان لە شاری سنە بە هۆی تەقەی هێزەکانی ئەمنیەتی

شاری سنە بریندار بو و راگوێزی نەخۆشخانەی ئەو شارە کرا
هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێران سەرلەبەیانی رۆژی ٣ شەمبە چواری ژانویە ٢ چالاکوانی ئایینی سوننەیان بە نێوەکانی عوسمان عەبدی و یاسین قادری دەست بە سەر کرد
رۆژی ٦ی ژانویە حوکمی ٣٠ سال و ٦ مانگ زیندان بە سەر رەزا شەریفی بۆکانی گیراوی سیاسی کورد داسەپێندرا
برینەوەیی سزایی حوکمی ٥ سال زیندان بۆ هەر یەکە لە گیراوانی سیاسی کورد هیوا پورمەند ،وەهاب فەتاحی و قادر قەندە لە شاری مهاباد ٢٠١١/١/٨
دەست بە سەر کردنی ٢ کەس بە ناوەکانی فواد سەلەواتی و حیسام سەلەواتی لە شاری سنە ٢٠١١/٠١/٠٩
راگویزکردنی گیراوی سیاسی کورد عەلی قادر لە گرتوخانەی شاری سەقز بۆ شوێنێکی نادیار
دادگایی لێپرسینەوەی لورستان حوکمی ٣ ساڵ و ٢ مانگ زیندانی گیراوی خوێندکاری کورد محەمەد دەروێشی بۆ ٥ ساڵ و ٦ مانگ زیاد کرد
موتەلێب ئەحمەدیان خەلکی بانە لە لایان هێزەکانی ئەمنی ئەو شارە دەست بە سەر و گوێزرایەوە بۆ گرتوخانە
زانیار و لوقمان مرادی گیراوانی کرد مەحکوم بە ئێعدام رایانگەیاند کە لە ژێر شکنجە مەجبور کراون کە دان بە قەتل دابنێن کە ئەوان ئەو قەتڵەیان پێک نەهێناوە
خوێندکاری کورد ئازاد کەمانگەر خوشکەزای ماموەستا فەرزاد کەمانگەر لە لقی دویی دادگایی شۆرشی شاری سنە دادگایی کر
سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممۆ ١٢ ژانویە کاوە قاسمی کرماشانی رۆژنامە گەر و چالاکی مافی مرۆڤ لە لقی یەکەمی دادگای شۆرشی شاری کرماشان دادگایی کرا
رۆژی چوارشەممۆ ١٢ ژانویە بێهروز تەهماسبی گیراوی سیاسی کورد سزایی ٤ ساڵ زیندانی بە سەر داسەپا
قەدریە قادری کە لە هاوینی ساڵی رابردووە دەست بە سەر کراوە ١٠ ساڵ زیندانی بە سەر داسەپا
هێرش بە سەر ناوەندی هەواڵنێری سەقز و دەست بە سەر کردنی بەر پرسی ئەو ماڵپەرە بە ناوی عەتا اللە حامدی و هاوکات داخستنی ئەو ماڵپەرە
دەست بە سەر کردنی ٢ چالاکوانی ئاینی کورد بە ناوەکانی عەسمان عەبدی و یاسین قادری

بە پێی زانیاریەکانی بە دەستمان گەیشتووە بەرپرسانی گرتوخانە ئیزن نادەن کە رەشید ئاخکەندی گیراوی سیاسی کورد کە بە ئێعدام سزا دراوە تیمار بکرێت.
حوکمی زیندانی رەزا شەریفی بۆکانی کە پێشتر لە لایان بەرپرسانی گرتوخانە ٣ سال و ٦ مانگ راگەیاندرابوو بە پێی نامەیەک کە بۆ ناوبراوو ناردراوە راگەیاندراوە حوکمەکەی ٣٠ ساڵ و ٦ مانگ نوسراوە
بەدیع حسین پەناهی،چالاکی سیاسی کورد خەڵکی گوندی قروچای سەر بە شاری دێگولان بە تۆمەتی هەوڵدان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێکخستنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕین، لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری سنە ڕووبەڕووی سزای یەک ساڵ زیندان بووەوە. بەدیع ئێستاکە لە گرتووخانەی شاری قوروە سزاکەی تێپەڕ دەکات ،جێ بیر هێنانەوەیە کە بدیع برای مامۆستا ئەنوەر حسین پەناهیە کە لە لایەن دادگای شۆڕش بە تۆمەتی هاوکاری پارتیەکی کوردی ڕووبەڕووی سزای لەسێدارەدان ببووە و دواتر ئەو سزایە لە دادگای پێداچوونەوە کەم کرایەوە بۆ 16 ساڵ زیندان

نۆزدەهەمین رۆژی مانگرتنی زیندانیانی سیاسی کورد
هەینی, 21 ژانویە 2011
مانگرتنی 'وشکی' حەبیبولا گوڵپەری پوور و ئەحمەد تەمویی ٢١ رۆژی پرکردەوە
زانرا کە تەندروستی مانگرتووان بەرەو خراپی چووە

لەلایەکیتر 'مەحمود بوداق'، 'ئەرجان قەرەیڵ' و 'یاشار قەرە' گیراوانی سیاسی زیندانی قەزوین لە ڕێکەوتی 17ی ژانویەوە بۆ شەرمەزار کردنی لەسێدارەدانی حسێن خزری و مەترسی لەسیدارەدانی گیراوانیتری سیاسی دەستیان بە مانگرتن کرد

هەروەها 'جەهانگیر بادووزادە" و 'محەمەد ئەمین عەبدوڵلاهی' دوای ئەوەی لە 17ی ژانوییەدا لە زیندانی ئورمێ دەستیان داوەتە مانگرتن، ڕەوانەی ئیدارەی ئیتلاعات کراون و، تا ئێستا هیچ زانیارییەک لە چارەنوسیان نازاندرێت

هەروەها گیراوانی سیاسی کورد مستەفا عەلی ئەحمەد، حوسێن میرزایی، فەزایی یامان و عەبدوڵلا حوسێنی، لە زیندانی ئورمییەدا بۆ نارەزایەتی دەربرین دژ بە لە سێدارەدانی حوسێن خزری مانیان گرت

لە لایەکیتر تا ئێستا چارەنوسی زیندانی سیاسی کورد 'عەلی ئەحمەد سلێمان' کە 17ڕۆژە لە زیندانی ئورمیە بۆ ئیدارەی ئتلاعات گوازراوەتەوە، دیار نییە

بە پێ دواین زانیاریەکان کۆمەڵێک لە گیراوانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی ئەوین، ئەردەبیل، مەهاباد، دزڵئاوا و زیندانی سنە، دەستیان داوەتە مانگرتن

چارەنووسی عەزیز محەممەدزادە مەحکوم بە ئێعدام دیارنیە

پێنجشەممە, 20 ژانویە 2011

گیراوای سیاسی کورد عزیزی محەمەدزادە کە بە تۆمەتی ئەندامیەتی پارتیەکی کوردی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرابوو، لە دووای ناڕەزایەتی دەربڕین بەو سزایە، دەستی دابووە مانگرتن لە خواردن. بەڵام هەر ئەو کاتە هێزەکانی ئیتلاعات ئەو گیراوە کوردەیان گواستەوە بۆ شوێنێکی نادیار و سەرەڕای تێپەڕ بوونی چەند مانگ و بەدوواداچوونی بەردەوامی بنەماڵەکەی بۆ وەدەست خستنی زانیاری، تا ئێستا هیچ هەواڵێک لە چارەنووسی ئەو گیراوە کوردە نەزانراوە

لێدوانی خوشکی حسێن خزری بۆ میدیاکان

سێشەممە, 18 ژانویە 2011

سەرەڕای تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژ بەسەر راگەیاندنی هەواڵی لەسێدارەدانی گیراوی سیاسی کورد "حسێن خزری" کاربەدەستانی زیندان و دەزگای داد، لە جێبەجێبوونی ئەو سزایە بێ خەبەری خۆیان راگەیاندووە و وەڵامێکی ڕوونیان نەداوەتەوە بە بنەماڵەکەی ،خوشکی "حسێن خزری" لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەری "هەرانا" ڕایگەیاندووە: لە ماوەی 2 ڕۆژی ڕابردوودا چەندین جار سەردانی گرتووخانە و دادسەرای شاری ئورمیەمان کردووە، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت هیچ زانیاریەک لە سەر جێبەجێکردنی ئەو سزایە ڕاناگەیەنن

خوشکی حسێن خزری هەروەها وتوویەتی: چووینە گرتووخانەی ئورمیە و وتیان دەبێت بچنە دادسەرا، کە چووینە دادسەرا لەوێ پێیان وتین دادستان لێرە نییە بە گوێرەی سەرچاوەکە، برای حسێن خزری پێشتر ڕایگەیاندبوو کە، سەردانی شوورای تائمین پارێزگای ئورمیەمان کردوە، ئەوان بێ خەبەری خۆیان دەربڕیەوە لەو هەواڵەی لە 'یەکەی ناوەندی خەبەر'، بڵاوکراوەتەوە

جێی بیرهێنانەوەیە کە چەند ڕۆژ پێش، 'یەکەی ناوەندی خەبەر' لە زمانی شوورای تەئمین پارێزگای ئورمیە بڵاوی کردەوە ،کە ئەندامێکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان پژاک لە سێدارەدراوە

بە گوێرەی سەرچاوەکە، هەر چەندە هەموو ئەو هەواڵانەی بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بە لەسێدارەدانی حسێن خزری دەکات، بەڵام کاربەدەستانی زیندان و دەزگای داد هیچ زانیاریەکیان بۆ دڵنیا بوونی خانەوادەی " حسین خزری" ڕانەگەیاندووە

چالاکانی کوردستانیان لە هەرچوارپارچەیی کوردستان و دەرەوەیی وڵات دژ بە لە سێدارەدانی چالاکوانی سیاسی

کورد حسین خزری

ئەوروپا، چالاکی کوردستانیان دژ بە ئێعدامی حسێن خزری
لە وڵاتان فینلاند
نۆروێژ
سوێد
ئالمان
ئامریکا
فەرانسە
دانمارک
بریتانیا
دژ بە لەسێدارەدانی چالاکوانی کورد حسین خزری چالاکی رێپیوان بەریوە چوو

پەنابەرانی کەمپی مەخموور
لە باشووری کوردستان بۆ نارەزایەتی نیشاندان لە بەرامبەر لە سێدارەدانی حسێن خزری چالاکیەکیان ئەنجام دا.
هەزاران کەس بە گووتنەوەی دروشمی " قاتڵ ئێران" رێپێوانیان ئەنجام دا
خۆپیشاندانی گەلی باتمان دژ بە ئێعدام
یەکشەممە, 16 ژانویە 2011
.لەسێدارەدانی گیراوی سیاسی کورد حسێن خزری، لە باتمان بە رێپێوانێکی جەماوەری شەرمەزار کرا
.سەرەرای بەرێوەبەرانی بەدەپە و کۆمەڵەی هاوڵاتیانی ئازاد، بە هەزاران کەس بەشدار بوون
هەولێر
خۆپیشاندانی 2000 کەس دژ بە سێدارە
دووشەممە, 17 ژانویە 2011
کاتژمێر 2ی پاشنیوەرۆ چالاکان و رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی بە بەشداری نزیکەی 2 هەزار کەس
،خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم کۆنسلگەری ئێران لە شاری هەولێر ئەنجام درا
جەماوەر پلانکاردیان بەرز کردەوە کە لە سەریان نووسرابوو "کۆماری کورد کوژی سێدارە ، با بەس بێت ئەم کارە" و
هەروەها بە وتنەوەی دروشم حکومەتی ئێرانیان شەرمەزار کرد
سلێمانی
بە هەزاران کەس رژیمی ئێرانیان شەرمەزار کرد
پێنجشەممە, 20 ژانویە 2011
لە درێژەی چالاکییەکان بە مەبەستی شەرمەزار کردنی لە سێدارەدانی چالاکی سیاسی کورد حوسێن خزری لە لایەن
دەوڵەتی ئێرانەوە، لە شاری سلێمانی چالاکییەکی جەماوەری بە بەشداری هەزاران کەس بەرێوەچوو
چالاکییەکە بە گووتنەوەی دروشمەکانی 'ئێمە هەموو حوسێنی خزرین و شەهید نامرێ کۆتایی پێهات
کەلار، نارەزایەتی دژ بە سێدارەی ئێران
هەر لە درێژەی نارەزاییەکان لە بەرامبەر لەسێدارەدانی چالاکی سیاسی کورد حسێن خزری، گەنجانی وڵاتپارێزی
.کەلاریش لێدوانێکیان دا و ئەو کردەوەیەی ئێرانیان شەرمەزار کرد

گەرمیان

پێنجشەممە, 20 ژانویە 2011

لە چالاکییەکی گەرمیان دا بە هەزاران بەیانامە لە ناو جەماوەری شارەکە بڵاو کرایەوە و لافیتە و نووسراوە بە مەبەستی شەرمەزرا کردنی کرداره هۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناو شارەکەدا هەڵواسران.

کەمپینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران کە ناوەندەکەی لە نیویۆرکە لە بەیاننامەیەکدا بە توندی لەسێدارەدانی"حسێن خزری" چالاکی سیاسی کوردی شەرمەزار کردووە.

حیزب و رێکخراوەکان لەسێدارەدانی حسێن خزری مەحکوم دەکەن

سێشەممە, 18 ژانویە 2011 1

دووابەدووای جێبەجیکردنی سزای لەسێدارەدانی چالاکی سیاسی کورد" حسێن خزری" چەندین پارت و رێکخراوە کوردی و ئێرانیەکان، بە دەر کردنی لێدوانی جیاجیا، ئەو کردەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیان شەرمەزار کرد

ناوەندی ڕاگەیاندنی حزبی دیموکراتی کوردستان

پارتی ئازادیی کوردستان

بزووتنەوەی دموکراتیکی یارسان

مەرەیم ڕەجەویی سەرۆکی سکرتاریەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران

کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی شاری بەغداد و ناوەندی ڕۆشنبیری نەورۆز

ئامنستی داوای رونکردنەوە لە سەر حسێن خزری لە ئێران دەکات

هەینی, 21 ژانویە 2011

ئەمنستی هاوکات بانگی لە ڕژیمی ئێران کرد کە سزای لەسێدارەدانی ژنە گیروای کورد زەینەب جەلالیانیش بەتاڵ بکاتەوە، کۆتایی بە ئەشکەنجە کردنی بێنێ، تیمار بکرێ و، سەرلە نوێ بە پێی پێوانەکانی مافی مرۆڤ، دادگایی بکاتەوە

ساڵیادی بۆمبارانی شاری سنە لە لایەن فرۆکەکانی عێراقەوە

سێشەممە, 18 ژانویە 2011

24 ساڵ لەمەو پێش لە ڕۆژیکی وەک ئەمڕۆدا، کاتژمێر 10ی بەیانی 5 فڕۆکەی شەڕەکەری ڕژیمی ڕووخاوی بەعس هێرشیان کردە سەر شاری سنە و یەکەمین بۆمبی خۆیان هاویشتە سەر ئاپارتمانێکی مەدەنی، هێشتا دەنگی تەقینەوەی ئەو بۆمبە تەواوە نەببوو کە گەڕەکی چووار باخ و دواتر شەقامی سیروس، ئێکباتان و مەیدانی لەشکەر ڕووبەڕووی هێرشی فڕۆکە شەڕکەرە عێراقیەکان بوونەوە؛ دووای ئەو هێرشانە قەرەباڵغترین گەڕەکی شار" پیرە محەمەد" بۆمباران کرا. لە ماوەی 6 خۆلەکدا زیاتر لە 18 شوێن لە شاری سنە لە لایەن 5 فڕۆکەوە بۆمباران کران و لە ئەنجامدا زیاتر لە 220 کەس ژیانیان لە دەستدا و 123 کەسیتر بریندار بوون

مانگرتنی سەرتاسەری زیندانیانی سیاسی

هێرش بۆسەر گیراوانی زیندانی ورمێ

2011-01-24

لە بەردەوامی گوشاری سەر گیراوانی سیاسی و مەدەنی کورد، کاربەدەستانی ئاسایشی ڕژێم دوانیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە 23 ژانویە هێرشیان کردووەتە سەر بەندی گیراوانی سیاسی لە گرتووخانەی ئورمیە

سەرۆکی حێفازەتی گرتووخانەی ئورمیە، بەڕێوەبەری ناوخۆی گرتووخانە و جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی پارێزگای ئورمیە، لەگەڵ زیاتر لە 30 کەس لە هێزەکانی ناو گرتووخانە بە باتوم و گازی فرمێسک ڕێژ ، هێرشیان کردووەتە سەر بەندی گیراوانی سیاسی و پاش شکاندنی کەل وپەلی گیراوان ،دەستیان گرت بە سەر دەفتەر و کەل‌وپەلە شەخسیەکانی زیندانیان، هەروەها گیراوانی سیاسیان بردووەتە ناو حەوشەی گرتووخانە و لە سەرمای

زۆری زستاندا بۆ ماوەی 5 کاتژمێر ڕایانگرتوون
زانرا کە کاربەدەستان چەند گیراوی سیاسیان ڕووت کردووەتەوە و لە پێش چاوی گیراوانیتر سووکایەتیان پێکردون

بێ خەبەری لە چارەنوسی هیوا مەجیدزادە چالاکوانی خوێندکاری کورد
دوشنبه 04 بهمن 1389
بە دوایی بانگهێشت کردنی هیوا مەجیدزادە، چالاکوانی خوێندکاری کوردی زانکوی تاران بۆ ڕێکخراوی قەزایی هێزەکانی چەکدار لە ڕێکەوتی 22 سەرماوەز تا ئێستا هیچ زانیاریەک لەو خوێندکارە کوردە کە لە خوێندنیش بێ بەش کراوە لە بەر دەست دانیە

ڕاگوێزتنی قادر محمەد زادە بۆ شوێنێکی نادیار
یەكشەممە, 03 سەرماوەز 1389 ، 23 ژانویە 2011
قادر محمەدزادە گیراوی سیاسی کورد لە گرتوخانە ورمێ لە لایان هیزەکانی گرتوخانە بانگهێشت کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە

نێعمەت حاجی زادە و ناسر شێخی لە شاری سەردەشت دەست بە سەر کران
دوشەممە ٤ سەرماوەز 1389

گوشار بۆ سەر کەس و کاری لە سێدارەدراوەکان
دوابەدوایی لە سێدارە دانی فەرها تارم لە ڕۆژی 26 ژانویە کەس و کاری ناوبراوو بۆ وەرگرتنەوەیی تەرمی ڕۆلەکەیان چونە بەردەرگایی گرتوخانەیی ورمێ کە لە ئاکام دا هیزەکانی ئەمنی ڕژێم 10 کەس لە بنەماڵەی فەرهاد تارمیان دەست بە سەر کرد

دایکانی ئاشتی و چاوپێکەوتن لەگەل ئەحمەدینەژاد
سێشەممە, 25 ژانویە 2011
بە گوێرەی سەرچاوە هەرێمیەکان، شاندێکی پێکهاتوو لە 9 ئەندامی دایکانی ئاشتی لە ئامەد ، ڕۆژی سێشەممە 25 ژانویە بە مەبەستی نارەزایەتی دەربرین بە لە سێدارەدانی جەوانانی کورد بەرەو ئەنکەر ە  بەرەو شوێنی سەفارەتی ئێران لەو شارە بە مەبەستی دیدار لە گەڵ سەرۆک کۆماری ئێران مەحموودی ئەحمەدینەژاد وەڕێ کەوتن.

ئاماری ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کردستان کە لە مانگی یەکەمی سالی ٢٠١١ کوژراون یان خۆکوژیان کردووە

دیتنی جەسەدی ژنێک  لە نێو ئاوی بەنداوی مەهاباد
٢٠١١/٠١/٠٨
روژی ٢٠١١/١/٧ جەسەدی ژنێک خەلکی مهاباد  دۆزرایەوە کە تا ئێستا هۆی خنکانی ئەو ژنە نەزاندراوە
لە لایەکی دیکە لە حەوتوی یەکەمی سالی ٢٠١١ دا کچێکی ١٩ سالە خەلکی مەریوان بە هۆی هەژاری و گرفتی بنەمالەیی ئاگری لە گیانی خۆی بەردا
بە پێی ئامار فەرمی وەزارەتی تەندوروستی پارێزگایی لورستان لە ١١ لەو دایکانەی کە دو گیان بون و ژیانیان لە دەست داوە ٥ لە وان بە هۆیی هەژاری ،بێکاری ، گوشارەکانی ماڵبات و گوشارەکانی کۆمەڵایەتی ئاگریان لە گیانی خۆیان بەرداوە

کوشتنی کاسبکاران لە مانگی یەکەمی سالی 2011 لە ڕۆژهەلاتی کوردستان
کاسبکارێکی کورد بە ناوی عەلی زەکاوەتی خەلکی گوندی دێمقشلاقی ماکۆ لە سەر سنوری چاڵدران بە گوللەی هێزەکانی ئێران کوژراوە.
لە شاری بانە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە 22 دی کەریم فەتحی خەلکی گوندی سەدبار کە بە کۆڵبەری ژیانی بەڕێوەدەبرد لە بازارچەی شابەدین کەوتە بەر گوللەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانی لە دەست دا.

خۆكوژی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان

خۆكوژی دوو كچی كوردی

پێنجشەممە, 27 ژانویە 2011

.كێشە بنەماڵەیی و كۆمەڵایەتیەكان بەردەوام هۆكارێكن بۆ بوونە قوربانی ژنان لە كوردستان

بە گوێرەی زانیاریەكان لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لە بەشی ناوخۆیی "كەوسەر" لە شارەكی بەهارانی شاری سنە خویندكارێک خۆی هەڵواسیوە و كۆتایی بە ژیانی خوێ هێناوە، تا ئێستا لە ناسنامە و هۆكاری ئەو خۆكوژیە زانیاریمان لە دەست دا نیە لەلایەكیتر هەفتەی ڕابردوو كچێكی 17 ساڵان بە ناوی "م-زەند سەلیمی" لە گوندێكی .سەر بە شاری دیواندەرە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە

خەبەرەكانی كرێكاری لە مانگی یەكەمی سالی ٢٠١١

خەبەری كرێكاری

لە سەر كار دورخستنەوەیی زیاتر لە 30 كرێكاری شیركەتی كشت و سەنعەتی مهاباد

سێشەنبە 05 سەرماوەز 1389 ، 25 ژانویە 2011

مەریوان، دەركردنی 700 كرێكار

هەینی, 28 ژانویە 2011

بە گوێرەی زانیاریەكان هەر ڕۆژە كۆمەڵیك لە كرێكارانی بەنداوی "بنیەر" لە نێوان سنە - مەریوان لە كارەكانیان دەردركرێن.ڕاگەیەدنرا ماوەیەكە بەڕێوەبەری ئەو بەنداوە ڕۆژانە كۆمەڵێک لە كرێكاران دەر دەكات و بەنیازن ڕێژەی ئەو كرێكارانەی كە لەو بەنداوە كار دەكەن كەم بكەنەوە

غەفور محەمەدی